# وەڵامی راپۆرتی

## نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی عێراق (یۆنامی)

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**2021 Updated**

**یەکەم: لە سێدارەدان**

هەبوونی یاسا یەکێکە لە پرەنسیپە هەرە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ و جێبەجێ کردنیشی دادپەروەری و سەقامگیری بۆ سیستەمی گشتی دابین دەکات، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش ئەو پەیماننامانەی تایبەتن بە مافی مرۆڤ و بەرهەم هاتوون خەسڵەتێکی یاساییان وەرگرتووە و خواستی هەر تاکێکی کۆمەڵگایە لە ژێر رۆشنایی رێساکانیدا بژیت و دان بە مافەکانی دابنرێت، بەبێ جیاوازی و بە شێوەیەکی یەکسان، پێویستە یاسا ناوخۆییەکانیش بە شێوەیەک دابنرێن لەگەڵ کرۆکی مافەکانی مرۆڤ بگونجێن، وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافی مرۆڤ بە ئامانجێکی سەرەکیی خۆی دەزانێت و لە یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2007 لە ماددەی (2) بە ڕوونی دەڵێت: (ئامانجی وەزارەتی داد بەدیهێنانی دادپەروەری و پاراستنی مافی مرۆڤە لە رێگای دارشتنی یاساکان و جێبەجێ کردنیان بە شێوەیەک لەگەڵ بەڵگەنامە و پەیمانە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بگونجێت)، ئەو ئامانجەش لە کارەکانی دەزگاکانی وەزارەتی داد ڕەنگی داوەتەوە و پێکهاتەکانی وەزارەتی داد بەتایبەتیش ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان کە بە یاسای ژمارە (14)ی ساڵی 2008 کار دەکات و لە ماددەکانی (6 و 7)ی یاساکەی ئەرکی یاسا کاری (تقنین القوانین)ی لە ئەستۆدایە، پرۆژە یاساکان بە شێوەیەک ئامادە دەکات کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ بگونجێت. هاوکات دەزگای داواکاری گشتیش کە سەر بە وەزارەتی دادە و بە یاسای ژمارە (159)ی ساڵی 1979 کار دەکات، لە ماددەی (7)ی یاساکەی چاودێری ڕەوشی مافی مرۆڤ دەکات لە هەرێمی کوردستان.

لەبەرئەوەی لەسێدارەدان سزایەکی نامرۆڤانەیە و لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێت، لە مادده (6) پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافی شارستانی و سیاسیدا هاتووە: (دەبێت سزای لەسێدارەدان لە حاڵەتی زۆر تایبەتدا بسەپێنرێت)، بەو مەرجانەی پەیمانەکە فەرزی کردووە، عێراق لە ساڵی 1971 ئەو پەیمانەی واژوو و پەسەند کردووە، دواتر پرۆتۆکۆلێکی ئیختیاری دەرچوو تایبەت بە سزای لەسێدارەدان، بەڵام عێراق واژووی نەکردووە و پەسەندی نەکردووە، بەپێی ئەو پەیمانەش عێراق سەرپێچی یاسای نێودەوڵەتی نەکردووە.

ساڵی 2003 ماددەکانی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە ئەمنی ناوخۆیی و دەرەکی وڵات و جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لە یاساکانی هەرێمی کوردستان لەکار خران بە یاسای ژمارە (21)ی ساڵی 2003 و یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003 و دواتر لە ساڵی 2006 بە یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 2006 دەروازەی دووەم لە یاسای (اصول المحاکمات الجزائیة) خراوەتەوە کار کە تایبەتە بە جێبەجێ کردنی سزای لەسێدارەدان.

سەبارەت بە تاوانەکانی تیرۆر لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2006 دەرچووە کە تایبەتە بە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەڵام ئەو یاسایە کاتییە و تا 2016/7/16 کار بەو یاسایە دەکرێت ئەگەر ماوەکەی درێژ نەکرێتەوە لەبەر بارودۆخی ئەمنی.

لە هەرێمی کوردستان سزای لە سێدارەدان بەرتەسک کراوەتەوە بەجۆرێك کە لەگەڵ بنەماکانی ماف مرۆڤ دەگونجێت و تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنیشیدا یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی(القانون الدولی الانسانی) پێشێل ناکات، چونکە تا ئێستا عێراق پرۆتۆکۆلی ئیختیاری دووەمی تایبەت بە سزای لەسێدارەدانی هاوپێچ بە پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف شارستانی و سیاسی پەسەند نەکردووە، هەر کاتێکیش عێراق ئەو پرۆتۆکۆلەی پەسند کرد ئەوسا هەرێمی کوردستان ئەگەر سزای لەسێدارەدان جێبەجێ بکات ئەوا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە، هەروەها لە ساڵی 2012 یاسای لێبووردنی گشتی دەرچووە، ئەو تاوانکارانەی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە سزاکەیان بۆ تا هەتایی کەم کراوەتەوە، لە ساڵی 2014 لە هەرێمی کوردستان 25 حاڵەت هەبووە کە سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە لەسەر تاوانی جیاجیا لەوانە تاوانی ((کوشتنی بە ئەنقەست بە ماددەی 406 و بردنی مرۆڤ بە ماددەی 422 و دەستدرێژی کردنە سەر مەحرەم (**اغتصاب و اللواطة**) بە ماددەی 393 .

ئەو تاوانبارانەی کە ئەو سزایەشیان بۆ دەرچووە خودکردار (تلقائیا) بڕیارەکانیان پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت لە داواکاری گشتی و دادگای پێداچوونەوە، کە هاوکات لەگەڵ بنەماکانی پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف شارستانی و سیاسی یەکدەگرنەوە بە شێوەیەکی گشتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە ئەو سزایە هەڵبگیرێت، بەڵام پێویستە دۆخەکە لەبار بێت بۆ نەهێشتنی ئەو سزایە.

سەبارەت بە داواکاری گشتیش لە 2015/3/8 وەزارەتی داد پانێلێکی ڕێکخست تایبەت بە دەزگای داواکاری گشتی بە مەبەستی کاراتر کردنی دەزگای داواکاری گشتی و لەم بارەیەوە پرۆژە یاسایەك ئامادە کراوە و بەرزکراوەتەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار. شایەنی ئاماژە پێکردنە لە ساڵی 2008ەوە تا ئێستا هیچ سزایەکی لە سێدارەدان جێبەجێ نەکراوە.

## دووەم: دەستگیر کراوەکان

1- سەبارەت بەو کەسانەی دەستگیر کراون لە دەرەوەی ماوەی یاسایی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بە نووسراوی ژمارە (6778 لە 4014/8/24) ناوی ئەو راگیراوانەی کە لە 6 مانگ زیاتر راگیراون و چارەنووسیان دیاری نەکراوە، رەوانەی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر کراون بە مەبەستی یەکلایی کردنەوەی کەیسەکانیان.

2- سەبارەت بە راگیراوەکان لە فەرمانگەی گرتن و گواستنەوەی (هەولێر - دهۆك - سلێمانی - سۆران - گەرمیان - راپەرین) لە مانگی (کانونی دووەم تاکو مانگی حوزەیران)ی ساڵی (2014) بەم شێوەیەی خوارەوە بووە:

1 ـ مانگی کانونی دووەمی ساڵی (2014) کۆی گشتی راگیراوەکان (1596) راگیراو.
2 ـ مانگی شوباتی ساڵی (2014) کۆی گشتی راگیراوەکان (1660) راگیراو.
3 ـ مانگی ئاداری ساڵی (2014) کۆی گشتی راگیراوەکان (1765) راگیراو.
4 ـ مانگی نیسانی ساڵی (2014) کۆی گشتی راگیراوەکان (1971) راگیراو.
5 ـ مانگی ئایاری ساڵی (2014) کۆی گشتی راگیراوەکان (2124) راگیراو.

6 ـ مانگی حوزەیرانی ساڵی (2014) کۆی گشتی ڕاگیراوەکان (2278) ڕاگیراو وە بۆ زانین بەپێی نوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس/ بەڕێوەبەرایەتی ئامار/ ژمارە (5952) لە 2014/7/16 بۆ یۆنامی نێردراوە و دەرکەوتووە (2278) ڕاگیراوی مانگی حوزەیرانی ساڵی (2014) نەك (2725) کە لە ڕاپۆرتەکەی یۆنامی هاتووە.
سەبارەت بە گرتنی ئافرەتان لە چاکسازییەکان بەپێی ئامارەی ئەنجوومەنی باڵای خانمان لە چاکسازی هەولێر 388 ئافرەت ڕاگیراوە، بەڵام زۆربەیان دوای دادگایی کردن ئازاد کراون. لەوانە سی و حەوت ئافرەت سزا دراون بە سزای جیاجیا بەگوێرەی تاوانەکانیان. چوار ئافرەت بە سزا دراوەکان سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە. لە چاکسازی دهۆك 199 ئافرەت ڕاگیراوە، بەڵام زۆربەیان دوای دادگایی کردن ئازاد کراون لەوانە سی و هەشت ئافرەت سزا دراون بە سزای جیاجیا بەگوێرەی تاوانەکانیان یەك ئافرەتیش سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە. لە چاکسازی سلێمانی ئافرەتی ڕاگیراو هەبووە و ئازاد کراوە سی و شەش ئافرەت لە سلێمانی سزا دراون بە گوێرەی تاوانەکانیان. نۆ ئافرەت لەو سزا دراوانە سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووە. بەشێوەیەکی گشتی لە چاکسازییەکاندا خولی ڕاهێنانی جۆراجۆر وەك (دروومان، ئارایشگا، سیرامیك، چنین، وەرزش، مۆسیقا...تاد) بۆ سزادراوان بە بەردەوامی هەبووە.

## سێیەم: ئەشکەنجەدان

ئەشکەنجەدان تاوانە بەپێی یاسای سزاکانی عێراقی کە لە ماددەی (333) لە یاساکە هاتووە (يعاقب بالسجن أو الحبس كل موظف أو مكلف بخدمة عامة عذب أو أمر بتعذيب متهم أو شاهد أو خبير لحمله على الاعتراف بجريمة أو الإدلاء بأقوال أو معلومات). ئەگەر تۆمەتبارێك لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت مافی یاسایی خۆیەتی سکاڵا تۆمار بکات لە دژی ئەو کەسەی کە ئەشکەنجەی دابێت و ئەمەش پاڵپشت بە دەستوری عێراقی فیدراڵ کە هاتووە مافی دادگایی (حق التقاضي) کە لە ماددەی (19/ سێیەم) هاتووە (التقاضي حق مصون ومكفول للجميع).

تۆمەتی ئەشکەنجەدان بە هیچ شێوەیەك ناتواندرێت ئاشکرا بکرێت تەنها ئەگەر ئەشکەنجەدەر سکاڵای یاسایی خۆی تۆمار بکات بۆ جولاندنی داوای یاسایی (تحريك الدعوى الجزائية). ئەمەش لە ماددەی (1) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی ژمارە (23) ی ساڵی (1971) ڕاست کراوە دیاریکراوە، هەروەها ئەگەر هەواڵدەر(مخبر) هەبێت لەسەر ئەنجامدانی ئەم تاوانە و سکاڵاکە یان هەواڵدەر سکاڵاکەی یان هەواڵدەرەکە وتەکانی وەردەگیرێت لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە یان زانیارییەکان پێشکەش دەکرێت بە داواکاری گشتی و زۆر جار پێویستە ڕاپۆرتی پزیشکی هەبێت ڕاستی ووتەکانی بسەلمێنێت.
ئەگەر سکاڵاکار یان هەواڵدەر زانیاری تەواوی بە بەڵگەی نەبێت بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ڕێکاری یاسایی وەربگرێت لە دژی (پیاوی پۆلیس) و تێبینی دەقی ماددەی (8) بکرێت لە هەمان یاسا کە تێیدا هاتووە (اذا اشترط القانون لتحريك الدعوى الجزائية تقديم الشكوى فلا يتخذ اى اجراء ضد مرتكب الجريمة الا بعد تقديم شكوى).

پێویستە تۆمەتبار ئەگەر ئەشکەنجەدرابێت لە کاتی لێکۆڵینەوە لەلایەن (پیاوی پۆلیس) ئەم بابەتە ئاشکرا بکات لە کاتی وەرگرتنی وتەکانی لەلایەن لێکۆڵەری دادی ودادوەری لێکۆڵینەوە (لەبەر ئەوەی ئەگەر دان پێنەر بوو زۆر جار بەپێی (عرف) ئەم پرسیارەی لێدەکرێت کە لەسەر رەزامەندی خۆی بەبێ فشار دانی ناوە بە تاوانەکەی). دادوەری لێکۆڵینەوە لە هەمان کات رێکاری یاسایی پێویست وەردەگیرێت بەپێی تایبەتمەندی کێشەکە واتە کێشەیەکی سەربەخۆ دەکرێت لە دژی ئەشکەنجەدار و ئەگەر نەیتوانی ئەو کاتەدا دەتوانێت بە تۆمارکردنی سکالا چ لەلایەن دادوەر یان ئاگاداری داواکاری گشتی دەکات وبە پێی بەڵگەکان و شاهێدەکان بەهەمان شێوە رێکاری یاسایی وەردەگیرێت.

هیچ کارمەندێکی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چاوپۆشی ناکات لەئەنجامدەری ئەم جۆرە تاوانە کە بە بەڵگە دەسەلمێندرێت سکاڵاکار ئەشکەنجە درابێت و کارپایی یاسایی گونجاو وەردەگیرێت، بۆ نمونە:

1- بەپێی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ/ فەرمانگەی یاسایی ژمارە (1368) لە 2014/7/8 داوای کردووە ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە پێك بهێندرێت لەسەر سکاڵای(7) راگیراو کە گوایە ئەشکەنجە دراون، ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە بەپێی نوسراوی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر / فەرمانگەی یاسایی/ ژمارە (1659) لە 2014/8/20 و لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.
2- وەزارەتی ناوخۆ/ فەرمانگەی یاسایی بە نوسراویان ژمارە (13689 لە 2014/7/8) داوا لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس دەکات بە(پێك هێنانی ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە) لەسەر چەند کارمەندیکی پۆلیس کە سکاڵایان لەسەر تۆمار کردوە کە گوایە ئەشکەنجەی ڕاگیراوانیان داوە.
3- بەرێوەبەرایەتی گشتی پۆلیس بە نوسراویان ژمارە (5952 لە 2014/7/26) ئەنجومەنی لیکۆلینەوەیان لەسەر ئەم کەسانە پێکهێناوە و چاوەرێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەکەین.
4- زۆر جار گومانلێکراو یاخود تاوانبار کاتێك رادەگیرێت لە ناو بەندیخانە فێری ئەوەی دەکەن کەوا دەزگاکانی پۆلیس تاوانبارن و لێیان داوە و ئەشکەنجەیان داوە بۆ ئەوەی سزای سوك بێت کە دوورە لە راستی.

## چوارەم: قەرەباڵغی بەندیخانەکان و بنکەکانی گرتن

سەبارەت بە قەرەبالغی بنکەکان گرتن و گواستنەوە (توقیفات والتسفیرات) سەر بە وەزارەتی ناوخۆ و پرۆژەی بەندیخانەی راگرتنی هەولێر کە لەسەر رێگای هەولێر گوێڕ دروستکراوە و وەزارەتی ناوخۆ سەرپەرشتی قۆناغەکانی دروستکردنی کردووە، بەندیخانەکە لەسەر رووبەری (125م×91م) دروستکراوە و ئەم دووریانە شورای دەرەوەی دەگرێتەوە. قۆناغی یەکەمی بەندیخانەکە پێکدێت لە دوو باڵاخانەی جیا و هەریەکیان لە دوو نهۆم پێکدێت. باڵاخانەی یەکەم بریتییە لە بەرێوەبەرایەتی بەندیخانە و لە دوو نهۆم و 24 ژوور پێکدێت بۆ بەرێوەبەرایەتی و پێداویستیی تەندروستی و خزمەتگوزاری. باڵاخانەی دووەم پێکدێت لە هۆڵەکانی زیندانیان کە بریتین لە 16 هۆڵی جیا و هەر هۆڵێك پێداویستی تەندروستی تایبەتی هەیە (دەبلیۆ سی+ حەمام و مغسل) و هۆڵ بە ساردی و گەرمییەوە لەگەڵ سیستمی

کامێرای چاودێری ناوەندی، باڵاخانەی دووەمیش پێکهاتووە لە ژووری چێشتلێنان و ژووری ئەفسەر و پاسەوانەکان، لەگەڵ 3 باخچەی تایبەت بۆ بەندکراوان. هۆڵێکی جیا لە نێوان دوو باڵاخانەکە هەیە تایبەتە بە سەردانی کردنی کەسوکاری زیندانیان.

بەرزی شورای باڵاخانەکە(6) مەترە لەگەڵ خاڵی پاسەوانی لە هەموو گۆشەکانی باڵاخانەکە بە بەرزایی (8) مەتر کە سیستمی رووناک کردنەوە و کامیرای چاودێری هەیە. هەروەها باڵاخانەیەك هەیە بۆ خەوتنی پاسەوانانی دەرەوە و باڵاخانەیەکی کۆنترۆڵکردنی موەلیدەی کارەبا بە هێزی (1,25) مێگاوات و ژووری بیری ئاو و تانکییەکی ئاو لە بەرزایی 12 مەتر. بەڵام بەرێوەبەرایەتی بەندیخانەکانی هەولێر بە داواکارییەك بە پێویستی زانی فراوانتر بکرێت و ئەنجوومەنی وەزیرانیش رەزامەندی لەسەر داواکارییەکەیان دەربڕی بە درووستکردنی باڵاخانەیەکی دیکە لەنێو شورای بەندیخانەکە کە پێکدێت لە باڵاخانەیەکی دوو نهۆمی. 15 هۆڵی گەورەی تێدایە بۆ حەواندنەوەی زیندانییەکان و هەر هۆڵێکیش پێداویستیی تەندروستی خۆی هەیە. هۆڵێکی گەورە بۆ سەردانی کردنی کەسوکاری بەندکراوەکان. هۆڵێك بۆ پارێزەران و هۆڵێکی زیندانی کردنی تەنهایی (انفرادی). بنکەیەکی تەندروستی کە 3 ژووری تێدایە بۆ نەخۆش و ژووری پزیشك. گۆرەپانێکی ناوخۆیی چاودێری کراو بە خاڵی پاسەوانان. باڵاخانەکە سپلیتی تێدایە لەگەڵ ژووری چاودێری کردن بە کامیرا، هەروەها سیستمی ناوەندی دەنگ و سیستمی و ئاگر کوژاندنەوەشی هەیە.

وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەلایەن خۆیەوە سەبارەت بە قەرەباڵغی چاکسازییەکان روونی کردەوە کە بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی بەشی گەوران و ئافرەتان و نەوجەوانان سەر بەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە ئەرکی چاکسازییەکانی لە ئەستۆیە، ئێستا کێشەی قەرەباڵغی نەماوە لەبەر ئەوەی هەردوو بینایەی چاکسازی گەوران لە سلێمانی و هەولێر تەواو کراون، ئێستا سزادراوەکان گوازراونەتەوە ئەم بینایە نوێیانە کە بە دیزاین و ستانداری نوێی نێودەوڵەتی دروست کراون، ئیدارەی چاکسازییەکان لە بەرنامەیاندایە ڕەوشی ژیان لە ناو چاکسازییەکان لەڕووی (باری تەندروستی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان) بەرەو باشتر بەرن، بەڵام کێشەی دارایی و نەبوونی میزانیە کۆسپ لەبەردەم پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکان دروست کردووە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە پەیوەندیدایە لەگەڵ وەزارەتی دارایی بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە.

## پێنجەم: دەستبەسەر داگرتنی زەوی و زاری ئاشوورییەکان

ئەم بابەتە کۆنە و دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی رژێمی پێشوو کەوا هەستاوا بە دەستبەسەرداگرتنی زەوی و زارێکی زۆر بە مەبەستی دروستکردنی کۆمەلگای زۆرەملێ (مجمعات سکنیە) وبێ ئاگاداری بەرێزتان زەوی و زاری چەندین هاووڵاتی کوردیشی تێدایە بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی ناوخۆ لە رێگای پارێزگای دهۆك و بە پشت بەستن بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (5400 لە 2013/6/5) و نوسراوی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (13654لە 2013/6/19) و پارێزگای دهۆك بەنوسراویان ژمارە (1542 لە 29 /3 /2015) هەڵساون بە بەدواداچون لە گوندەکانی ( موسڵمانان و

کریستیانەکان) بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە بەنوسراویان ژمارە(743 لە 2015/2/10) بۆ گوندەکانی (قەرەولە) سەر بەناحیەی رزگای لە قەزای زاخۆ بە سەرۆکایەتی قایمقامیەتی قەزای زاخۆ و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان.

هەروەها لێژنەکی لێکۆڵینەوە پێکهێنراوە بەنوسراوی ژمارە (467 لە 2015/2/1) بۆ گوندی (دفری) ناحیەی دینارتە بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری ناحیەی دینارتە و ئەندامیەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە وێنەیەکی هاوپێچە. ئەگەرچی هەندێك لە کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی رژێمی پێشوو، بەڵام لێکۆڵینەوە لە هەموویاندا دەکرێت و لە ئەنجامەکان لێکۆڵینەوە ئاگادارتان دەکەینەوە.

## شەشەم: پێشێلکاریەکانی سەر رۆژنامەنووسان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگای وەزارەتی ناوخۆوە کار دەکات بۆ کەم کردنەوەی پێشێلکاریەکان بەرامبەر رۆژنامەنوسان و درێغی نەکردووە چ بە کۆبونەوەی دەوری لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنوسان چ بە پێکهێنانی لێژنەی لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاریەکان، بۆ ئەم مەبەستە بەنوسراوی ژمارە (3711 لە رێکەوتی 2015/2/18) دوایین راپۆرتی تۆمار کردنی پێشێلکاریەکانی دژ بە رۆژنامەنوسان کە لەلایەن سەنتەری میترۆ بلاّوکرابۆوە بەرزکردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی دۆزینەوەی ئالیەتیکی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و سەندیکای رۆژنامەنوسان بۆ کەم کردنەوەی پێشێلکاریەکان.

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران بەنوسراوی ژمارە (2146 لە 2015/3/18) رەزامەندیان نیشانداوە بۆئەنجامدانی کۆبونەویەك لەنێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە و دەستەی ماف مرۆڤ و سەرۆکایەتی یەکە ئیدارییەکان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و نەقیبی رۆژنامەنوسانی کوردستان بۆ دانانی سنوورێك و چارەسەرکردنی پێشێلکاریەکانی سەر رۆژنامەنوسان بەپێی دوایین راپۆرتی سەندیکای رۆژنامەنوسان کە شەش مانگ جارێك بلاّودەکرێتەوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بابەتەی بە جدی و گرنگ وەرگرتووە و کاری لەسەر دەکات، بەڵام پیویستی بە هەماهەنگی زیاتر هەیە لەنێوان دامودەزگاکانی حکومەت و سەندیکای رۆژنامەنوسان و رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی.

## حەوتەم: ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت

بڕیارە یاسای ژمارە 22 لە ساڵی 2011 تایبەت (ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت) هەموار بکرێتەوە پاش گفتوگۆکردن لەسەری لەلایەن وەزارەت و رێکخراوەکانی کەم ئەندامان. ئەم یاسایە قۆناغ بە قۆناغ برگە و ماددەکانی لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە، بەڵام کێشەی دارایی کە رووبەڕووی حکومەتی هەرێم بۆتەوە

ئاستەنگە لەبەردەم جێ بەجێ کردنی برگەی سەرەکی لە یاساکە ئەویش ئەوەیە کە ناتوانرێ وەك پێویست پێداچوونەوە بە مووچەکانیان بکرێ و زیاد بکرێ، بەڵام سیستەمی بەخێوکەر بۆ کەم ئەندامان جێبەجێ دەکرێ کە ژمارەیەکی زۆریان سوودمەندن لەم یاسایە.

**هەشتەم: کرێکاری بیانی**

وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستەبەری کۆمەڵایەتی سیاسەتی کار کردنی خۆی جێبەجێ دەکات و کاروباری کرێکارە بیانییەکان رێکدەخات و کێشەکانیان چارەسەر دەکات، هەروەها لەهەر پارێزگایەك لە بەڕێوەبەرایەتی بەکار خستن کارەکانیان ڕایی دەکرێ و ناوەکانیان تۆمار دەکرێ لەگەڵ شوینی کار کردنیان. بەپێی ڕێنمایی نوێ بە ژمارە (3) لەساڵی (2013)، بە پشت بەستن بە ماددەکانی ئەم ڕێنماییە هێنانی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان چەند مەرجێك دانراوە لەلایەن کۆمپانیاکان. بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە کوردستان ( 15000) پانزە هەزار کرێکاری بیانی هەیە.

**شێوازی هاتنی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان:**

یەکەم: لە ڕێی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان تەنها بۆ ئەو کارانەی پسپۆریان لە هەرێمی کوردستاندا نییە، هەر کۆمپانیایەك لە هەرێمی کوردستاندا کار بکات کە پێویستی بە کرێکار بێت پێویستە لەسەری پشت بە کرێکاری ناوخۆ ببەستی. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە ڕێی ڕۆژنامەی ڕەسمییەوە ئاگاداری خۆی بڵاو بکاتەوە ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا کەس بە دەم داواکارییەکەیەوە نەهات ئەوا بۆی هەیە بەپێی ڕێنماییەکان لەدەرەوەی هەرێم کرێکار بهێنێت.

دووەم: لە رێی کۆمپانیا ڕێگە پێدراوەکان کە مۆڵەتی کارکردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەویش بەپێی یاساو ڕێنماییەکان.

بەدەر لەم دوو ڕێگایە هاتنی کرێکاری بیانی بە نایاسایی ئەژمار دەکرێت و ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکرێنەوە. هاتنی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان بەبێ یاسا و ڕێنماییەکان زیانی زۆر بە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێم دەگەیەنێ. ئەو کرێکارە بیانییانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان ئەگەر لە وڵاتی خۆیان دەستەبەری کۆمەڵایەتی (**الضمان الأجتماعي**) یان بۆ نەکرابێ ئەوا لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا بۆیان دەکرێت و هەموو مافێکیان پارێزراو دەبێت.

وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی کە تایبەتمەندە بەم بابەتەوە لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کرێکارە بیانییەکان و بەپێی یاساو ڕێنماییەکان لێپێچینەوە دەکات لەگەڵ ئەو کۆمپانیانەی سەرپێچی دەکەن و مافی

کرێکاران زەوت دەکەن. ئەو کرێکارانەی بەدەر لە یاسا و ڕێنماییەکان دێنە هەرێمی کوردستان حکومەت لێیان بەرپرس نییە، لەهەمان کاتدا هاتنیان بە بەزاندنی سنوور ئەژمار دەکرێ لەڕووی یاساییەوە.

## نۆیەم: شەڵتەرەکان

بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان پێنج شەڵتەر هەیە چواریان حکومین لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) یەکیان نا حکومییە لەلایەن یەکێتی ژنانی کوردستانەوە سەرپەرشتی دەکرێت بە ناوی (لانەی ئارام). ڕێنمایی ستانداردی شەڵتەرەکان پەسەند کراوە بە ژمارە 2 لە ڕێکەوتی 2014/5/28، بەڵام ئەم ڕێنماییە شەڵتەرە ئەهلییەکان ناگرێتەوە. ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای خانمانەوە ئامادە کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی بودجە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ستراتیژیەتی پێشخستنی ڕەوشی ئافرەتان تا ئێستا پەسەند نەکراوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران، چونکە تا ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی نەچێتە بواری جێبەجێکردن ئەمەش کاری پێناکرێت، ئەمەشیان دەسەڵاتی ئەنجوومەنی وەزیرانە و پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نییە.

هەموار کردنەوەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەلایەن خودی بەڕێز وەزیری ناوخۆوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەنجوومەنی خانمان پێیانوایە هەموار کردنەوەی ئەم یاسایە کاریگەریی سلبی زیاتری دەبێت لە ئیجابیات، چونکە ئێستا کات لەبار نییە بۆ هەموار کردنی.

هەر سەبارەت بە شەڵتەرەکانی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی رایدەگەیەنێت کە ڕێنمایی ستانداردی شەڵتەرەکان بە ژمارە (2 لە 28 / 5 / 2014) پەسەند کراوە تا سیستەمەکەی دەردەچێت. بەپێی یاسایی توندوتیژی خێزانی ئەم دامەزراوەیە ماڵی داڵدەدانی ئەو ئافرەتانەیە کەڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە. یەکێك لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی شەڵتەرەکان دەبنەوە لە کاری ڕۆژانەیاندا ئەوەیە کە هەندێ جار لەسەر بڕیاری دادوەر کەیسی وایان بۆ دەچی کە پەیوەندی بە سیاسەتی شەڵتەرەوە نییە ولەگەڵ بەرنامەی کاریان ناگونجێ، کێشەی دارایی لە شەڵتەرەکان هەبوو توانرا میزانیەکەیان بۆ زیاد بکرێ هەتا بتوانن کارەکان بە باشی بەڕێوەبەرن .